ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# قەیرانی قەتەر

## هۆکار و لێکەوتەکانی

نوسین و ئامادەکردنی

بەهمەن ئەحمەد



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تەموزی ٢٠١٧

# قەیرانی قەتەر
# هۆکار و لێکەوتەکانی


## نوسین و ئامادەکردنی
## بەهمەن ئەحمەد

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com



تەموزی ٢٠١٧


## پێڕست


پێشەکی........................................................................................ ٢
کورتەیەک لەسەر وڵاتی قەتەر ................................................................ ٣
هێزی ئابوری قەتەر.............................................................................. ٤
سەرمایەگوزارییە گەورە و جیهانییەکانی قەتەر.................................................. ٦
مێژوی پەیوەندی و ناکۆکی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداو ...................................... ١١
سزاکانی وڵاتانی کەنداو بۆ سەر وڵاتی قەتەر ..................................................... ١٣
هۆکارەکانی بچڕاندی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی قەتەر ............................................. ١٣
داواکاری وڵاتانی کەنداو ............................................................................ ٢٦
پرۆژەکەی وڵاتانی کەنداو ئایندەی هێز لە ناوچەکەدا............................................. ٢٨
لێکەوتە ئابورییەکانی قەیرانی قەتەر.............................................................. ٣٠
سیناریۆکانی پرسی قەیرانی قەتەر ................................................................. ٣٢
کاردانەوەو رۆڵی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.................................................. ٣٤
کۆتایی.............................................................................................. ٤٠
سەرچاوەکان ........................................................................................ ٤١

## پێشەکی

بەرەبەیانی رۆژی (٥) حوزەیرانی ٢٠١٧ و تەنها ١٥ رۆژ پاش سەردانەکەی (دۆنالْد ترەمپ) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی کەنداو، قەتەر روبەروی سزای بچرانی پەیوەندییەکانی بویەو لەگەڵ چەند وڵاتێک، سەرەتا هەریەك لە وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، میسر و دواتریش ئوردون و یەمەن ولیبیاو دورگەی مالْدیف و دورگەی قەمەر، یەک بەدوای یەکدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەردا راگرت.

وڵاتانی کەنداو بەسەرکردایەتی سعودیە گەمارۆی دیپلۆماسی و ئابورییان بەسەر قەتەردا سەپاندو بڕیاریاندا هەموو هاتوچۆیەکی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی لەگەڵ قەتەردا ببڕن. بیانوی سەرەکی وڵاتانی ناوبراویش بۆ ئەم گەمارۆ دیپلۆماسی و ئابورییانە پشتیوانی و پشتگیریکردنی وڵاتی قەتەرە لە بیرو هزرو بزاوتی تیرۆر لە جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی.

ئەم هەڵوێستە نوێیەی وڵاتانی کەنداو، رەگ و ریشەیەکی مێژویی هەیە و جگەلە پرسی تیرۆر و بیانوی هاوکاریکردنی رێکخراوە تیرۆرستییەکان، چەندین هۆکاری دیکەی شاراوە لەپشتیەوە خۆیان مەڵاسداوە، لەوانە: مامەڵەی گازی سروشتی، سیاسەتی کەناڵی جەزیرە، نزیکبونەوەو پەیوەندی بەردەوامی نێوان قەتەر و ئێران، شەڕی زیادکردنی هەژمونی دەسەڵات لەلایەن ئێران و سعودیە و سەرکێشی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر بۆ چونە نێو جەمسەربەندی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و جیهانی ... هتد، ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە، هەڵدەدەین لەم راپۆرتەدا بەوردی تیشکیان بخەینە سەر.

## کورتەیەک لەسەر وڵاتی قەتەر

قەتەر دەکەوێتە کەنداوی فارس لە کیشوەری ئاسیا و رووبەرەکەی نزیکەی ١١ هەزار و ٥٢١ کیلۆمەتر دووجایە و وڵاتێکی شێوە دوورگەییە کە لە باشوری رۆژئاواوە سنوری لەگەڵ سعودیەیە و بە دەریای عەرەبی دەورە دراوە، لەبەشی باشوریشەوە هاوسنورە لەگەڵ ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو . قەتەر لەساڵی ١٩٧١ ەوە سەربەخۆیی وەرگرتووە و دەوحە پایتەختەکەیەتی. زمانی فەرمی عەرەبییە و بەمدواییانەش زمانی ئینگلیزی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەجۆرێك کە وەك زمانێکی فەرمیش دەناسرێت، ئاینی قەتەرییەکان ئیسلامە و دراویشیان ریاڵی قەتەرییە و رۆژی ١٨ ی دیسەمبەر رۆژی نیشتیمانی ئەم وڵاتەیە.

ژمارەی دانیشتوانی قەتەر بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٧ ی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی (٢.٣٣٦.٦٠٣) دوو ملیۆن و سێ سەد و سی وشەش هەزار و شەسەد و سێ کەسە کە دەکاتە رێژەی ٠.٠٣% ی دانیشتوانی جیهان. لەساڵی ١٩٤٩ ەوە نەوت لەوڵاتی قەتەر هەناردەدەکرێت، بەڵام بەهۆی کەمبونەوەی توانای کێڵگەکانی، لەئێستادا قەتەر گرنگی زیاتر بە گازی سروشتی دەدات و گەورەترین هەناردەکاری گازی سروشتییە لەجیهاندا.

## نەخشەی وڵاتی قەتەر و وڵاتانی دراوسێی




### هێزی ئابوری قەتەر

بەپێی روبەری جوگرافی و دانیشتوان، قەتەر بچوکترین ئەندامی رێکخراوی ئۆپێکە، بەڵام لە ئێستادا گەورەترین هەناردەکاری گازی سروشتییەو نزیکەی ٥٥% ی کۆی داهاتی بەرهەمی ئەو وڵاتەیە.

هەرچەندە قەتەر وڵاتێکی بچوکەورێژەی دانیشتوانەکەشی زۆر کەمە، بەڵام لەئابوریدا ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیەو بەردەوام زیاتر لە ٣٣٥ ملیار دۆلاری لە سەرمایەگوزاریی جیهانیدایە.

هاوکات، بە واژۆکردنی چەندین گرێبەست بە بڕی دەیان ملیار دۆلار لە ڕێگای ڕێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەرەوە، ئەم وڵاتە لە ئێستادا یازدەهەمین وڵاتی سەرمایەگوزارە لەئاستی جیهان و خاوەنی یانەی وەرزشی تۆپی پێی ئەورووپی، کارگەی ئۆتۆمبێلی ئەڵمانیی، بەشێک لە کۆمپانیای ڕووس نەفتی ڕووسیا و چەندین تاوەر و فڕۆکەخانەی گەورەیە لە جیهان، بەمجۆرە قەتەر چواردەیەمین وڵاتی دەوڵەمەندی جیهانە.

**ئاڵای وڵاتی قەتەر**



## سەرمایەگوزارییە گەورە و جیهانییەکانی قەتەر

### سەرمایەگوزاری قەتەر لە ئەورووپا

ئەورووپا هەمیشە شوێنێکی گرنگ بووە بۆ سەرمایەگوزاری قەتەرو زۆرترین سەرمایەگوزاریشی لەهەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیایە، بەجۆرێک قەبارەی سەرمایەگوزاری خەملێنراوی ساڵانەی قەتەر لەساڵی ٢٠١٤دا لەنێوان ٣٥ بۆ ٤٠ ملیار دۆلاردا بووەو بەپێی زانیارییەکانی (میدڵ ئیست وۆنیتەر) کە لە ئەلشەرقەوە وەریگرتووە لە ئێستادا قەبارەی سەرمایەگوزاری قەتەر لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا دەگاتە ٦٥ ملیار دۆلار. جگە لەوە ئەم وڵاتە ملیارەها دۆلاری لە چەندین وڵاتی دیکەی ئەورووپی وەگەڕخستووە لەوانە، سەرمایەگوزاری کەرتی وەبەرهێنانی ئۆتۆمبێلی ئەڵمانیی، مۆدێل و دیزاینی ئیتاڵی و یانە وەرزشییەکانی تۆپی پێی فەرەنسی. لە ساڵی ٢٠٠٨ کە جیهان ڕووبەڕوی قەیرانێکی ئابوری بویەوە، قەتەر لە بانکی (بارکلیز) کە بانک و دامەزراوەیەکی بەناوبانگی نێودەوڵەتییەو لە سەرتاسەری جیهان خزمەتگوزارییە بانکییەکان پێشکەش دەکات سەرمایەگوزاریی کردووە.

هێڵی ئاسمانی قەتەر کە لە لایەن ڕێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەرەوە پاڵپشتی دەکرێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی (حەمەد) ی لە ئەستۆیە کە بە بڕی ١٧ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاریی تێدا کراوەو بە بەشێک لە گرنگترین سەرمایەگوزارییە نێودەوڵەتییەکانی قەتەر ئاماژە دەدرێت:

شێخ حەمەد بن جاسم ئالی سانی، سەرۆک وەزیرانی پێشوی قەتەر یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی قەتەرە کە بە بڕی یەک ملیار و ٨٥٠ ملیۆن دۆلار لە بانکی (دۆیچە) ی ئەڵمانیا سەرمایەگوزاریی کردووە. هەروەها ڕێکخراوی قەتەر بۆ سەرمایەگوزاری زۆرترین پشکی کۆمپانیای فۆلکس واگۆن یان هەمان پیشەسازی ئۆتۆمبێلی ئەڵمانیی هەیە. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە، قەتەر یانەی (پاریسان جێرمان)ی فەرەنسی لە ساڵی ٢٠١١ کڕیوەو لەو بەروارەوە تا ئێستا تا ٤ جار بووەتە پاڵەوانی خولە ناوخۆییەکانی فەرەنسا.

(مایهولا) یەکێکە لەگەورەترین کۆمپانیایەکانی سەرمایەگوزاری لەلایەن سەرمایەگوزاری قەتەرەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەم کۆمپانیایە ساڵی ٢٠١٢ بە بڕی ٧٠٠ ملیۆن یۆرۆ براندی ناسراوی (ڤالنتینۆ)ی ئیتاڵیای کڕیوە.

لە ئەوروپاشدا فەرەنسا پەسەندترین وڵاتی ئەوروپا بوە بۆ سەرمایەگوزاری قەتەر و لەسەردەمی سەرۆک نیکۆلا سارکۆزیدا، قەبارەی سەرمایەگوزاری قەتەر گەشتە لوتکە و زۆرترین پرۆژەی سەرمایەگوزاری وازۆکران، بەجۆرێک سەرمایەگوزاری قەتەری لەگەڵ فەرەنسییەکاندا گەشتنە رێککەوتنی "وەبەرهێنی تایبەت" کەجیاواز لەوەبەرهێنەرانی دیکەی جیهان مامەڵەیان لەگەڵ دەکراو باجی گشتی دەوڵەت لەسەر موڵکی قەتەرییەکان هەڵگیرا.

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە ئیتاڵیا و یۆنان پاش قەیرانی دارایی چاویان بڕییە توانای سەرمایەگوزاری قەتەر و هەریەکەیان توانویانە ئەو وڵاتە رازی بکەن بە ئەنجامدانی سەرمایەگوزاری بەبڕی یەک ملیار دۆلار لەوڵاتەکانیاندا.

هاوکات، ئەڵمانیا یەکێك بووە لە وڵاتە پیشەسازییە بەهێزەکانی ئەوروپا کە هەمیشە جێگای سەرنجی سەرمایەگوزاری قەتەر بووە و بەپێی زانیارییەکانی ژوری بازرگانی ئەڵمانی لە ئێستادا ٦٤ کۆمپانیای ئەڵمانی لەناو خاکی قەتەردا وەبەرهێنان دەکەن کەزۆربەیان لەبوارەکانی بیناکردن و خزمەتگوزاریدا کاردەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (ئینتەرناشناڵ پۆلسی) تا ساڵی ٢٠٠٠ پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەڵمانیاو قەتەر وەك پێویست نەبووە، بەڵام دواتر پاش سەردانی ئەنجیلامێرك لەساڵی ٢٠٠١ و دواتر پلانی ژێرخانی ئابوری قەتەر لەساڵی ٢٠٠٢ گڕوتینێکی دیکەی دایە پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابورییەکانی نێوان هەردوو وڵات. هەر بەپێی هەمان سەرچاوە، لەئێستادا قەبارەی سەرمایەگوزاری نێوان قەتەر و ئەڵمانیا نزیکەی ١٨ ملیار دۆلارە و قەتەر پشکی لە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی وەك (ڤۆڵکس واگن، هاشتیف، سیمێنز، بانکی دۆیچێ ...هتد) هەیە و لەئێستاشدا نزیکەی ١٧٠٠ هاوڵاتی ئەڵمانی، لەنێوانیشیاندا ستافی دیپلۆماسی ئەڵمانی لەقەتەر دەژین.

لەلایەکی دیکەوە ئەڵمانیا چەندین جۆری چەکی بە قەتەر فرۆشتوە و هەرچەندە مشتومڕێکی زۆری لەنێو پەرلەمانی ئەڵمانیا دروستکردووە، بەڵام ڕێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەری رایگەیاندووە کە بەردەوامدەبن لەهەموو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی و وەبەرهێنان.

پێشبینیشدەکرێت، تا ساڵی ٢٠٢٢ قەبارەی بازرگانی و سەرمایەگوزاری نێوان ئەڵمانیاو قەتەر خۆی لە ٢٠٠ ملیار دۆلار بدات.

## سەرمایەگوزاری قەتەر لە بەریتانیا

تائێستا قەتەر بەبڕی ٤٠ ملیار یۆرۆ سەرمایەگوزاری لەبەریتانیا کردووە، بە شێوازێک کە لە چەندین شوێنی لەندەن، قەتەرییەکان لە ماڵ، بازار و شوێنی ئیش و کاری خۆیان نیشتەجێن. ئەو گروپەی کە قەتەر سەرۆکایەتیی دەکرد لە ساڵی ٢٠١٥ ناوچەیەکی گرنگی بازرگانیی لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن و چەندین دامەزراوەی بازرگانی، بانک و تاوەری کڕی. بەڵام سەرمایەگوزارییەکانی قەتەرییەکان بە تەنیا بە خانوو و تاوەرەوە سنوردار نابێت بەڵکوو ڕێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەر ٢٢% پشکی زنجیرە مارکێتەکانی سێنس بێری هەیە کە بە دووەم گەورە مارکێتەکانی بەریتانیا هەژمار دەکرێت و هەروەها بووەتە خاوەنی لە ١٧% بازاڕی بەریتانیا.

## روسیا

بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (بلومبێرگ) روسیا بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ قەیرانی قەتەر دەکات بەوپێیەی پەیوەندی بازرگانی زۆری لەگەڵ هەریەک لەوڵاتانی سعودیە و قەتەر هەیە و دەیەوێت بازاڕی نەوت جێگیربکات.

رووسیا بەنیازە لەمانگی دیسەمبەری داهاتوو بڕی ١٩.٥% پشکەکانی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی نەوت کە (روسنەفت)ە بەبڕی ١١ ملیار دۆلار بفرۆشێت

بەقەتەر، هەر بۆ ئەو مەبەستەش روسیا کار بۆ چارەسەری کێشەی سوریا دەکات بەجۆرێک کاریگەری لەسەر وڵاتانی کەنداو کەمبکاتەوە.

هاوکات (پەیمانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بڵاویکردۆتەوە لەئێستادا قەبارەی سەرمایەگوزاری قەتەر لەگەڵ رووسیا ٢.٥ ملیۆن دۆلارە. لەوبڕەش لەساڵی ٢٠١٣ پشکێکی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بانکی (ڤی تی بی) کڕی و لەهەمان کاتدا دوهەمین گەورەترین گرێبەستی خۆی لەروسیا بۆ کڕینی لە ٢٥% پشکەکانی فرۆکەخانەی (پولکۆڤۆ) لە شاری ستپێتسبێرگ تەرخانکردووە.

قەتەر لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتیش پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، گرنگی زۆری بەسەرمایەگوزاری لەگەڵ روسیا داوە و شیکەرەوە سیاسییەکانیش ئەم ستراتیژەی قەتەر بۆ زیادبوونی کاریگەری ووسیا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگێڕنەوەو پێیانوایە قەتەر دەیەوێت جێگرەوەیەک بۆ رێکخراوی ئۆپێک بدۆزێتەوەو سەربەخۆی سیاسی و ئابوری خۆی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو مسۆگەرتر بکات.

## ئەمریکا

هەرچەندە لە سەرەتادا قەتەر بە تەنها لە ئەوروپا سەرمایەگوزاریی دەکرد، بەڵام لە ئێستادا هەوڵی لەم شێوەیە لە ئەمریکاش دەدات. رێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەر لە ساڵی ٢٠١٥ نووسینگەی تایبەتی خۆیی لە شاری نیۆیۆرک کردووە و بەپێی ستراتیژ و پلانی بازرگانی ئەو وڵاتەش بڕیارە تا ساڵی ٢٠٢٠ بە بڕی ٣٥ ملیار دۆلار لە بوارە جیاجیاکاندا سەرمایەگوزاری بکات.

ماڵپەڕی جیهانی (بلومبێرگ) بڵاویکردەوە ساڵی رابردوو گروپی میدیایی ( بێین)ی قەتەری کۆمپانیای فیلمی (میراماکس)ی لەکالیفۆرنیای ئەمەریکا کڕیوە کە خاوەنی فیلمی خەڵاتکراوی ئۆسکار (پەلپ فیکشن)ە.

هاوکات، بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای (ریەڵ کاپیتەل ئەنالیتیک) کە بلومبێرگ بڵاویکردۆتەوە، رێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەر چوارەمین وەبەرهێنەرە لەئەمەریکادا و خاوەنی گەورەترین ئۆفیسە لەویلایەتەکانی لۆس ئەنجلوس و نیۆرک.

ساڵی رابردووش رێکخراوی سەرمایەگوزاری قەتەری بەشداری پرۆژەیەکی ٨.٦ ملیۆن دۆلاری لەنیۆرک کرد کە پرۆژەیەکی گرنگی هاوبەشە موڵکییەکانی (بروکفیڵد)ە.

## ئێران

ئێران هاوبەشی گەورەترین و بەبەرهەمترین بیری گازی سروشتییە لەکەنداوی فارس کە بەشی قەتەر پێیدەوترێت ( کێڵگەی گازی باکور) و بەشی ئێرانیش پێیدەوترێت (باشور پاریس). دوو لەسەر سێی ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە بەشی ئاوی قەتەرو روبەرەکەی ٩٧ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. بەهاوکاریکردنی ئێران لەسەروبەندی پەرەپێدانی وێستگە ئەتۆمییەکانی بەپەرەپێدان و سەرپێخستنی بیری گازی سروشتی هاوبەش، قەتەر کەوتە بەر سەرزەنشتی وڵاتانی کەنداو.

هاوکات، بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (زە ئێران پرۆجێکت)ی ئێرانی، باڵوێزی قەتەر لەتاران رایگەیاندووە، لەئێستادا جگە لە هاوبەشیکردنی گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتی، قەبارەی بازرگانی قەتەر و ئێران نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە لەساڵێکدا و هەوڵی زیادکردنیشی دەدەن لەئایندەدا.

## مێژوی پەیوەندی و ناکۆکی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداو

ململانێ و ناکۆکی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداو مێژویەکی دووروودرێژی هەیە کە دابەشیدەکەین بەسەر چوار قۆناغی سەرەکیدا:

**قۆناغی یەکەم:** دوای رێکەوتنامەی سایکس بیکۆی سالی ١٩١٦ میراتی عوسمانیەکان بەئاشکرا لە نێوان زلهێزەکانی ئەوکات دابەشکرا، بەڵام وڵاتانی کەنداو هیچ سەربەخۆییەکان بەخۆیەوە نەدیت تا شەستەکان سەدەی رابردو کە هەریک لە وڵاتانی کوێت وبەحرێن و ئیمارات وعومان سەربەخۆی خۆیان راگەیاندو لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ئینگلیز چونەدەرەوە. بەڵام قەتەریەکان مانەوە تا سالی ١٩٧١ و پرسی دواکەوتنی قەتەرییەکانیش بووە جێگای پرسیاری رای گشتی، تا لە ساڵی ١٩٨٦ دا رۆژنامەی نیۆرك تایمز بابەتێکی نهێنی نێوان سعودییەکان و ئینگلیزەکانی بڵاوکردەوە کەتێیدا ئاشکرای کردبوو سعودییەکان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سەربەخۆی قەتەر نەبون، هەر ئەم نامەیە، لە دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی قەتەریەکان، بوە خاڵی سەرەتای مێژووی لێکترازانی جیۆپۆلۆتیکی ولاتانی کەنداو بەشێوەییێکی گشتی و نێوان قەتەر و سعودیە بەتایبەتی.

**قۆناغی دووەم:** لە ناوەڕاستی حەفتەکان کۆمەلێك گۆرانکاری رویاندا کە بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی نێوان قەتەری تازە سەربەخۆو وڵاتانی کەنداو هەبوو. لە هەموشیان گرنگتر رێکەوتنامەی جەزائیری سالی ١٩٧٥ لە نێوان عیراق و ئێران بوو کە تا رادەیێك دەرچەی جوگرافیای کەنداوی بچوك کردوە، هەروەها شۆرشی سالی ١٩٧٩ لە ئێران و هاتنەپێشەوەی شیعەکان وایکرد کە کاریگەری لە سەرجیۆپۆلۆتیك و جیۆئیکۆنۆمیکی کەنداو هەبێت، چونکە ئێران هێندەی هەموو وڵاتانی کەنداو سنوری ئاوی لەگەڵ قەتەردا هەیە، گۆڕانە جیۆسیاسیەش بە دلی قەتەریەکان بوو. بەڵام هەموو ئەو ڕوداوانە نەبونە هۆی ڕاستەوخۆ دەستپێکردنی ململانێییەکان لە کەنداو، چونکە ئەوکات قەتەر وەك ئێستا وڵاتێکی گەورە و کاریگەر نەبوو لە ئاستی سیاسی و ئابوری و بازرگانیدا.

**قۆناغی سێیەم:** سەرەتای بەربەستەکان و کێشەی لێك ترازان لە جەنگی دووەمی کەنداو روی دەرخست کاتێك (سەدام حسێن) هێرشی کردە سەر کوێت لە سالی ١٩٩٠دا،

لە دوای ئەو هێرشە هاوسەنگی هێز بەتەواوەتی لەناوچەکە گۆڕدرا و پارسەنگی هێز لەبەرژەوەندی تایبەتی سعودییە شکایەوەو بە هاوکاری ئەمریکا ئەم رۆڵە جیۆپۆلۆتیکەی لەناوچەکەدا گرتە دەست.

بەمجۆرە لە ناوەراستی سالآنی نەوەدەکان، قەتەر بەمەبەستی دەرچون لەوگریَ دەروونیەی کەبەرامبەر سعودییە بۆی دروستبوبو، کەوتە هەڵپەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەل زۆربەی ولآتانی زلهێزی جیهان و ناوچەکە لەوانەش ئەمریکا، بۆ ئەو مەبەستەش دەرگای بۆ جێگیرکردنی گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکی لە ناو خاکی خۆیدا کردەوەو هاوکات پەیوەندی لەگەل ئیسرائیل و روسیا و چین و ئێران وچەند ولآتێکی دیکەی ناوچەکە دروستکرد، لە هێرشە تیرۆرستییەکەی ١١ سیپتێمبەری سەر ئەمەریکا سالی ٢٠٠١ و رووخانی رژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ، قەتەر هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێشکەشی رۆژئاوا کرد، ئەمەش وایکرد ببێتە هاوپەیمانێکی پراکتیکی سەر پەراو لەگەڵ رۆژئاوا، ئەم رۆلانە وای کرد گەشەپێدانە جیۆسیاسەکەی دەربخات، سعودیەش بەم جموجوڵە سیاسییانەی قەتەر دڵخۆشنەبوو چونکە هەستیدەکرد تارەدەیێك رۆلە جیۆپۆلۆتیکی و جیۆئیکۆنۆمیکی لێوەرگیراوەتەوە، ئەمانەش زیاتر دەرگای ململانێیەکانیان لەنێوان قەتەر و ولآتانی کەنداو کردەوە.

**قۆناغی چوارەم:** شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ زیاتر پەردەی لەسەر کێشەکانی قەتەر لەگەڵ ولآتانی سعودییە و بەحرێن وئیمارات و میسر هەڵدایەوە کە تا ئەو ساتەش کێشەکان شێوەیەکی ناراستەوخۆی وەرگرتبوو، بەڵام لەگەڵ هەڵکردنی کلّپەی بەهاری عەرەبی لە ولآتانی تونس ومصر و لیبیا وسوریا ویەمەن، کێشەکانی جوگرافیای هێز زیاتر زەقبونەوە و پاساوی پاڵپشتیکردنی گروپ و هێزە سێبەرەکانی سەربە ئێران و گروپە تیرۆرستییەکان، سیاسەتی خراپی کەناڵی جەزیرەو دەستوەردان لەپرسە ناوخۆییەکانی ولآتانی دیکەی کەنداو ئەو بیانوانە بوون کەبەهۆیانەوە سعودیە و ولآتانی دیکەی کەنداو بڕیاریاندا قەتەر بخەنە گۆشەی پەراوێزخراو ناچاری بکەن بگەڕێتەوە بازنەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

## سزاکانی وڵاتانی کەنداو بۆ سەر وڵاتی قەتەر

لەگەڵ بڕیاردانی بچڕاندنی پەیوەندی وڵاتان دژ بە قەتەر، هەریەکە لە "سعودییە و ئیمارات و بەحرەین و میسر و لیبیا و یەمەن"، ئەم ڕێکارانەیان جێبەجی کرد:

یەکەم: بڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ قەتەر و دانانی ٤٨ کاتژمێر بۆ نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەکانی قەتەر تا وڵاتەکانیان جێ بهێڵن.

دووەم: ڕێگریکردن لەهەموو هاوڵاتییەکی قەتەری کە بیەوێت بچیتە خاکی ئەو وڵاتانەوە و داخستنی سنورەکان بەڕویاندا.

سێهەم: دانانی تەنها ١٤ ڕۆژ بۆ هاوڵاتیانی قەتەر تا لەو وڵاتەن بچنە دەرەوە و بگەڕینەوە بۆ قەتەر.

چوارەم: وەستاندنی گەشتە ئاسمانییەکان و ڕێگریکردن لە هەموو گەشتێکی ئاسمانی لەگەڵ قەتەردا.

پێنجەم: داخستنی سەرجەم سنورە ئاوی و ئاسمانییەکان لە ماوەئ ٢٤ کاتژمێریدا.

شەشەم: قەدەغە کردنی هەموو کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی قەتەر لە وڵاتانە.

حەوتەم: بردنی هێز بۆ پاراستنی سنورە ئاوییەکانیان لەگەڵ قەتەر.

هەشتەم: گفتوگۆکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش و کۆمپانیا هاوبەشەکانیان بۆ مامەڵە نەکردن لەگەڵ قەتەردا.

## هۆکارەکانی بچڕاندی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی قەتەر

### ١. گازی سروشتی

ڕەگ و ڕیشەی قەیرانی قەتەر و بەتایبەتی کێشەی لەگەڵ وڵاتی سعودیە بۆ ٢٢ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەوەش کاتێك لە ساڵی ١٩٩٥ باوکی ئەمیری ئێستای قەتەر، (شێخ تەمیم بن حەمەد ئەلثانی) کودەتای بەسەر باوکیدا کرد کە دۆستی

وڵاتی سعودییە بوو، دواتریش هەر لەسەر دەستی ئەودا یەکەم کاروانی گازی سروشتی قەتەر رەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە کرا. هەناردەکردنی گازی سروشتی سەرەتایەك بوو بۆ دەوڵەمەندی قەتەرییەکان و ئارەزوی خۆجیاکردنەوەیان لە وڵاتانی دیکەی کەنداو. قەتەر بووە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان، بە جۆرێک لە ئێستادا داهاتی ساڵانەی هەر تاکێکی قەتەری نزیکەی ١٣٠ هەزار دۆلارە.

بەپێی راپۆرتێکی (بلومبێرگ) ئەوەی وڵاتانی دراوسێی و سعودیەی تورەکرد بریتیبوو لە هاوبەشیکردنی ئێران لە کێڵگەی گازی باکوری قەتەر، کە تەنها سەرچاوەی گازی سروشتی قەتەرە. هاوکات، بەهۆی کاریگەری فرۆشتنی گازی سروشتی کە سەرەتا سعودییەکان بێبەها سەیریان دەکرد، سیاسەتی دەرەوەی قەتەر ئارەزوی سەربەخۆیی و سەرکێشی زیاتری دەکرد، لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا پتەوکرد کە دوو جەمسەری جیاواز و پێچەوانەی سیاسەتکردنن لەجیهاندا، راپۆرتەکەی بلومبێرگ ئاماژەی بەوەکردووە پاش ئەوەی قەتەر تێگەشت لەڕوی ستراتیژییەوە روسیا رێگری لە گواستنەوەی گازی سروشتیەکەی دەکات بەناو خاکی سوریادا، ساڵی رابردوو گرێبەستێکی بەبەهای ٢.٧ ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای رۆسنەفتی روسی واژۆکرد، ئەوەش بەمەبەستی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی گازی سروشتی ئەو وڵاتە، بەمەش قەتەر لەلایەك هەوڵی سەربەخۆبونی لەرێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێك) دەدا کە لەژێر هەژموونی سعودیەدایە، لەلایەکی دیکەش روسیای هێنایە ناو هاوکێشەی سیاسەتەکانی خۆی و ناوچەکە. بەوپێیەش روسیا لەسەر هێڵێ پشتگیریکردنی ئێران و بەرەی دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمەریکاو سعودییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنگاوینا. بەم شێوەیەش گرێبەستەکەی قەتەر لەگەڵ روسیا نیشانەیەکی گەورەی خستە سەر جموجوڵە نائاساییەکانی سیاسەتی دەرەوەی قەتەر و سعودییەی زیاتر تورەکرد.

هەوڵێکی دیکەی قەتەر کە وڵاتانی کەنداوی بێزارکرد، بریتیبوو لەگەیاندنی گازی سروشتی بە هەمان بازاڕی نەوتی وڵاتانی کەنداو، ئەوەش لەڕێگەی تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپییەوە، لێرەشەوە قەتەر وەك کیانێکی جیاواز و سەربەخۆ لەوڵاتانی ناوچەکە خۆی وێناکرد.

بەپێی زانیارییەکانی (سی ئێن ئێن) لەساڵی ٢٠٠٥ یشدا بەبیانوی تاقیکردنەوەی توانای کێڵگەکە بۆ ئەو بڕی هەناردەکردنەی کە وڵاتەکەی کردە گەورەترین هەناردەکاری گازی سروشتی لەجیهاندا، قەتەر بۆماوەی دوو ساڵ دەستی لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی کێڵگەی باکور هەڵگرت کە تێیدا شەریکی ئێرانە، ئەمەش فشارێکی زۆری خستە سەر وڵاتانی دراوسێی لەکەنداو کە سەرچاوەیەکی گرنگی گازی سروشتیان قەتەربوو، دواجار دەرکەوت هۆکاری سەرەکی دەستهەڵگرتنی لەو کێڵگەیە پەیوەندی بە ناهەمواری دۆخی ئێران و لاسەنگی توانای بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتەوە هەبوو لە کێڵگە شەریکییەکەیاندا، پاش گەیشتنی توانای بەرهەمهێنانی ئێران بەهەمان ئاستی قەتەر، بەرهەمێهان لەبیری گازی باکوردا دەستپێکردەوە.

گازی سروشتی وەك هۆکارێك بۆ گۆڕینی ئاراستەی قەتەر بۆ جەمسەری روسیا-ئێران-سوریا، پاش ئەوەی قەتەر بووە گەورەترین هەناردەکاری گازی سروشتی و دەوڵەمەنترین وڵاتی جیهان لەسەر ئاستی داهاتی تاك، ئەم وڵاتە جموجوڵەکانی بەئاراستەی سەربەخۆ کارکردن و هاتنەدەرەوەی لەژێر هەژمونی سعودیە و وڵاتانی کەنداو دەرکەوتن. بەتایبەتیش لەیارمەتیدانی گروپە چەکدارەکانی سەر بەئێران و چونە نێو جەمسەربەندی ئابوری بەگرێبەستی گازی سروشتی لەگەڵ روسیا و هاوکاریکردنی رێکخراوی ئیخوان موسلیمین.

سەرەتا قەتەر هاوکاری لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریای دەکرد کەبەرەی دژ بە ستراتیژی ئێران و روسیا بون و بە کۆپییە بچوکەکەی سعودییە ناسرابوو. دواتر کە تێگەشت لەڕوی ستراتیژییەوە رووسیا رێگە بەتێپەڕبوونی گازی سروشتییەکەی نادات بەنێو خاکی سوریادا، قەتەر بیری لەڕێگەیەك بۆ نزیکبوونەوە لەروسیاکردەوە و بۆئەوەش کۆمپانیای قەتەر گاز ئەو گرێبەستە گەورەیەی لەگەڵ روسنەفتی روسی واژۆکرد، کە گوژمەکەی ٢.٧ ملیار دۆلار بوو. هاوکات، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، قەتەر شەریکی ئێرانە لەگەورەترین بیری گازی سروشتی کە کێڵگەی گازی سروشتی باکورە. بەمجۆرە تێگەشت لەڕوی ستراتیژی بازرگانی و هەناردەکردنی گازی سروشتییەوە پێویستە گرنگی زیاتر بە جەمسەری ئێران روسیا بدات و خۆی لە وابەستەبون بە وڵاتانی کەنداو هەژمونی سعودییە رزگار بکات .

ئەو هەنگاوانەی قەتەر کە جەمسەرگیری ئێران-روسیای روونترکردەوە و سعودییەی زیاتر تورەکرد کەمکردنەوەی بڕی هەناردەکردنی گازی سروشتی بوو بۆ وڵاتانی دراوسێی لەکەنداو، لەکاتێکدا خواستی وڵاتانی ناوچەکە بۆ گازی سروشتی زیاتر دەبوو.

## ٢. کەناڵی جەزیرە

کەناڵی جەزیرە یەکێکە لە کاریگەرترین کەناڵە ئاسمانییەکانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی کە کاریگەری لەسەر زۆرپرسی سیاسی پەیوەندیدار بە وڵاتانی کەنداو هەیە و لەلایەن وڵاتی قەتەرەوە پشتگیری دارایی و سیاسی دەکرێت .

ئەم کەناڵە بەدەر نیە لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنی قەتەر بەوپێیەی سعودیە و وڵاتانی کەنداوی لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام کەناڵی جەزیرەیان بە دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتەکانیان و پشتگیریکردنی گروپ و حزبە تیرۆرستییەکان و هۆکاری کێشە و ئاڵۆزییەکانیان لەقەڵەمداوە .

بە نمونە جەزیرە لەشۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بەوە تاوانباردەکرا کە پشتیوانی خۆپیشاندەرانەو بەردەوام هانی ئاڵۆزبونی بارودۆخەکە دەدات. هاوکات، پشتگیریکردنی رێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە وڵاتی میسر و پاڵپشتیکردنی نەیارانی (حوسنی موبارەك) تا روخانی و هاتنە پێشەوەی (محمد مورسی) لەبەرەی ئیخوان موسلیمین یەکێکی دیکە بووە لەو تۆمەتانەی کە دراوەتە پاڵ کەناڵی جەزیرە و بەردەوام لەلایەن سعودییە و وڵاتانی دیکەی کەنداوەوە ناویهێنراوە، بلۆککردنی سایتەکەیان لەلایەن هەریەك لەوڵاتانی سعودیە، ئیمارات و بەحرەین لەمانگی ئایاری ئەمساڵدا ئاماژەیەکی دیکەی تورەیی ئەو وڵاتانە بوو لە سیاسەتی کەناڵی جەزیرە.

جەزیرە لەوێدا نەوەستا، بەڵکو بەردەوامبوو لەسیاسەتی پەخش و کاری رۆژنامەنوسی خۆی تا دواتر لەمانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٧ دا ئیمێڵێك هاككرا كە باڵوێزی ئیمارات بۆ ئەمەریکای ناردبوو کۆمەڵێك زانیاری ئیحراجکەری بۆ ئیمارات ئاشکراکردبو، تێیدا دەرکەوت ئیمارات پشتگیری گروپێکی پشتیوانی ئیسرائیل بەناوی "رێکراوی

بەرگریکردن لە دیموکراسییەکان" دەکات، کەناڵی جەزیرەش قسەی لەسەر ئەو ئیمێڵە کردووە و بڵاویکردۆتەوە، ئەوەش هێندەی تر ئیمارات و کەنداوییەکانی لەوڵاتی قەتەر توڕەکرد.

بەمجۆرە دژایەتیکردن و تۆمەتبارکردنی وڵاتی قەتەر بە پشتیوانیکردنی تیرۆر و ڕۆڵی جەزیرە لەو پشتیوانیکردنەدا بەردەوامبوو، تا سعودیە بڕیاریدا تەواوی ئۆفیسەکانی لەوڵاتەکەی دابخات و مۆڵەتی کارکردنەکەشی لێوەرگرێتەوە، ئەوەش بەبیانوی زەمینەسازی بۆ جێبەجێکردنی پلانی تیرۆرستان و پشتگیریکردنی میلیشیا حوسییەکان لەوڵاتی یەمەن و هەوڵدان بۆ شکاندنی پلەبەندییە نێوخۆییەکانی سعودیە .

هەرچەندە بەردەوام کەناڵی جەزیرە ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت" کەناڵەکەیان پشتگیری هیچ جۆرە ئایدۆلۆژی و گروپ و حکومەتێك ناکات"، بەڵام بەرپرسی نوسینگەی (بی بی سی عەرەبی) لەدەوحە، فیراس کیلانی، دەڵێت "مەسەلەی چاکسازی میدیایی و گۆڕینی سیاسەتی جەزیرە، یەکێك دەبێت لەو مەرجەکانی ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو" .

هەر لەبارەی ڕۆڵی کەناڵی جەزیرە لە تۆخبوونەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، (سوڵتان سعود ئەلقاسمی) میدیاکاری بەناوبانگی ئیماراتی لەلێدوانێکیدا بۆ (بی بی سی) دەڵێت "ساڵی ٢٠٠٢ وڵاتی سعودییە زۆر توڕە بوو لەئاشکراکردنی پلانی ئاشتی وڵاتەکەی بۆ ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لەلایەن کەناڵی جەزیرەوە و بەو هۆیەشەوە باڵوێزی خۆی لە قەتەر کێشایەوە".

ساڵی ٢٠١٤ ش لەبەرامبەر گرژییەکی دیکەی دیبلۆماسی کە هەریەك لە سعودیە و بەحرەین و ئیمارات باڵوێزی خۆیان لە قەتەر کێشابوەوە، جارێکی دیکە قەتەر بەڵێنیدا بەهیچ جۆرێك دەستوەرنەداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی کەنداو چ لەڕوی میدیایی و چ لەڕوی سیاسیەوە .

هەر لەبارەی تێوەگلانی جەزیرە لە سەرهەڵدانی قەیرانی قەتەر، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کەناڵی (جەزیرە ئینگلیزی) لە دەوحە بە (بی بی سی) ڕاگەیاندووە، قەیرانی ئێستای قەتەر کەناڵی جەزیرە روبەڕوی بارودۆخێکی نوێ و ئاڵەنگاری دیکە

دەكاتەوە، چونكە ئەوانەی كە تەنها لایەنێكی چیرۆكەكان دەبینن پێیانوایە جەزیرە پشتگیری رێكخراوی ئیخوان موسلیمین یان هەر گروپێكی دیكە دەكات.

لەلایەكی دیكەوە، (ئێچ ئەی هێڵەر) بەرپرس لەئەنجومەنی ئەتڵەنتیك، لەبارەی سیاسەتی كەناڵی جەزیرە وەك هۆكارێك بۆ قەیرانی قەتەر دەڵێت "ئەو بۆچونە دروستبووە كە كەناڵی جەزیرە پشتگیری و پشتیوانی رێكخراوی ئیخوان موسلیمین دەكات و پەیوەندی باشی لەگەڵ ركابەرە سەرسەختەكەی سعودییە لەناوچەكە هەیە، كە وڵاتی ئێرانە، كاریگەری ئەو لایەنانەی لەناوچەكەدا زیادكردووە، لەبەرئەوە گۆڕینی سیاسەتی میدیایی قەتەر و كەناڵی جەزیرەش بەتایبەتی بەشێك دەبێت لە هەوڵەكانی سعودییە و ئەمەریكا و وڵاتانی دیكەی كەنداو بۆ نزیككردنەوەی سیاسەتی قەتەر لە سیاسەتی سعودییە".

هەر لەوبارەیەوە، (دێڤد رۆبێرت)، پسپۆڕ لەكاروباری قەتەر لەكۆلێژی شاهانەی لەندەن پێیوایە، پرسی گۆڕینی سیاسەتی كەناڵی جەزیرە دەخرێتە سەر مێزی گفتوگۆی وڵاتانی كەنداو و میسر بەتایبەتی لەگەڵ قەتەر و بەشێك دەبێت لەو داواكارییانەی كە دەیانەوێت قەتەر بۆیان جێبەجێ بكات.

## كاریگەری سیاسەتی دەرەوەی قەتەر لەسەر كەناڵی جەزیرە

شیكەرەوانی سیاسی و میدیاكارانی جیهانی گەشتونەتە ئەو بڕوایەی سیاسەتی كەناڵی جەزیرە هاوئاوازە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی قەتەر و لەكاتی گۆڕانی هەل و مەرجە سیاسییەكاندا، سیاسەتی ئەو كەناڵەش گۆڕانكاری بەسەرهاتووە، لەمبارەیەوە، یەكێك لەهەواڵسازەكانی كەناڵی جەزیرە بە نیۆرك تایمزی راگەیاندووە "فەرمانمان بۆهات كە بە هیچ جۆرێك دەست بۆ هیچ پرسێكی پەیوەندیدار بە وڵاتی سعودییە نەبەین بەبێ گەڕانەوە بۆ سەروی خۆمان ".

هاوكات، (بی بی سی) لە راپۆرتێكیدا ئاماژەی بەوە كردووە، لەكۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ و لەسەروبەندی گەشەكردنی وزەی ئەتۆمی ئێراندا، وڵاتی قەتەر سعودییەی

دڵنیاکردۆتەوە کە سیاسەتی راگەیاندنی وڵاتەکەی و بەتایبەتیش جەزیرە بەدڵی سعودییە دەبێت و چیتر نیگەرانیان ناکەن .

لەبارەی پرسی جەزیرە لەرێککەوتنەکانی قەتەر و وڵاتانی کەنداودا، پرۆفیسۆ (نوحە میلۆر) شارەزای بواری میدیای عەرەبی لە زانکۆی بێدفۆردشێر دەڵێت "جەزیرە هۆکارێکی تورەکردنی وڵاتانی کەنداوە، بەتایبەتیش سعودییە و میسر، بەڵام کۆتایهێنان بە پەخشی ئەو کەناڵە بەشێك نابێت لەداواکارییەکانی وڵاتانی کەنداو لەقەتەر، بەڵکو رون و ئاشکرایە کە داوای گۆڕینی سیاسیەتی کەناڵەکە و نزمکردنەوەی تۆنی ئیشکردنی دەکەن". هاوکات دەشڵێت "ئەو داواکارییەش بەهۆی ئەوە دەبێت کە سیاسەتی دەرەوەی قەتەر ناچار دەبێت گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردن و خواستی وڵاتەکەی سەرکێشی بکات و راگەیاندنیش بەشێك دەبێت لەو گۆڕانکارییانە".

بەمجۆرە دەبینین کەناڵی جەزیرە بەشێکە لەگرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەمدوایەی قەتەر و وڵاتانی کەنداو بەو هۆیەشەوە هەریەك لە وڵاتانی سعودیە، میسر، بەحرەین، ئیمارات و چەند وڵاتێکی تر بەفەرمی داوای داخستنی کەناڵی جەزیرەیان کردووە، هەرچەندە وەزیری دەرەوەی قەتەر رەتیدەکاتەوە پرسی کەناڵی جەزیرە بخاتە سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵام کاردانەوەکان پێماندەڵێن جەزیرە بەشێك دەبێت لە پرسی گفتوگۆ و چارەسەری نێوانیان.

**بەشێك لەو کارانەی جەزیرەیان خستۆتە ژێر پرسیاری وڵاتانی کەنداو**

- کەناڵی جەزیرە-عەرەبی پشتیوانێکی تەواوی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بو، لەنێوان ئەو بیروبۆچونە زاڵانەی لەناوچەکەدا هەبوو، بە ئاشکرا پشتیوانی هێڵی ئیسلامی و بەتایبەتیش بەرەی ئیخوان موسلیمینی دەکرد.
- کەناڵی جەزیرە وەك یەکێك لەپایەکانی سیاسەتی دەرەوەی قەتەر سەیردەکرێت و خۆشی لەگەڵ هەنگاوە سەرکێشییەکانی سیاسەتی دەرەوەدا

گونجاندووه و بەپێی دۆخە سیاسییە جیاوازەکان، باری سیاسەتی ئیشکردنی خۆی گۆڕیوە.

- پاش رووخانی دەسەڵاتی (محمد مورسی) لەساڵی ٢٠١٣، بەهۆی پشتگیرییەکانی لە ئیخوان موسلیمین و دەسەڵاتی مورسی، جەزیرە بووە هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان میسر و قەتەر.
- شێوازی کارکردنی جەزیرە بۆ پەخشکردنی کارو چالاکییەکانی داعش لە سوریا و عێراق لەتەواوی میدیاکانی جیهان جیاوازتر بوو و پرسیاری گەورەی لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە لەسەر دانرابوو.
- بەهەمان شێوە، جیاواز لە تەواوی کەناڵەکانی جیهان، جەزیرە وشەی داعشی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام بەکارنەدەهێنا، بەڵکو داعشی بە "دەوڵەتی رێکخراوەکە" ناودەبرد، کە زۆر دوورنەبوو لەو ناوەی داعش لەخۆی نابوو.
- لەساڵی ٢٠١٥ دا وشەیەکی زۆر ئەرێنی بۆ رێکخراوە رادیکاڵە توندڕەوەکان بەکاردەهێنا کە ئەویش وشەی " شۆڕشی سوننەکان " بوو.
- لەمانگی شوباتی ٢٠١٥ جەزیرە ئیدانەی هێرشەکانی میسری بۆسەر بنکەی گروپە تیرۆرستییەکان لە لیبیا کرد و وێنەی قوربانیانی مەدەنی بەجۆرێك پەخشکرد کە هەستی بەزەیی لای بینەران دەوروژاند، ئەمەش میسری زۆر توڕەکرد.

## ٣. نزیکبوونەوە لە ئێران

یەکێك لە سەرکێشییەکانی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودییە، نزیکبوونەوەیەتی لەوڵاتی ئێران و پشتگیریکردنی ئەو گروپ و تەیارە ئیسلامیانەیە کە ئێران پشتگیرییان دەکات .

تەقینەوەی تەنگەژە سیاسەکانیش بەهەمان شێوە لە پرسێکی پەیوەندیدار بە وڵاتی ئێران دەستیپێکرد، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا

بۆ وڵاتانی کەنداو، داوای ڕاگرتنی سەرچاوە داراییەکانی داعش و کەمکردنەوەی هەژمونی ئێرانی لەناوچەکەدا کردبوو. وڵاتی قەتەریش ئەو داوایەی ڕەتکردبوەوە، بەڵام دواتر تەواوی زانیارییەکانی کۆبوونەوەکە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی قەتەرییەوە ئاشکرا کرا و ئەوەش وڵاتانی کەنداوی گەیاندە ئەو بڕیارەی کە لەڕوی دیپلۆماسی و داراییەوە قەتەر پەراوێزبخەن، چونکە پێیانوابوو وڵاتی قەتەر بەمەبەست ئەو زانیارییانەی ئاشکراکردوەو مەبەستی سەرەکی بریتی بووە لە نیشاندانی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ ئێرانییەکان .

جگە لە وڵاتانی کەنداو، ئەمەریکاش کە گەورەترین بنکەی سەربازی لەوڵاتی قەتەرە و نزیکەی ١٠ هەزار سەربازی لەو وڵاتەدانیشتەجێکراوە، لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی قەتەردا بێوەڵام نەبوو، جگەلەوەی ئاشکراکردنی زانیارییەکانی کۆبوونەوەکەی ئیدانەکرد، هاوکات لەلێدوانێکیدا دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا قەتەری بە هاوکاریکردنی تیرۆرستان تۆمەتبارکرد.

ئەوەی زیاتر ئاگرەکەی خۆشکرد لە سەروبەندی قەیرانەکەدا، ئەنجامدانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بوو لەنێوان میری قەتەر و سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی ئێران، ڕۆحانی کە تێیدا سەرۆکی ئێران ئامادەیی خۆی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەك و ئاسایکردنەوەی دۆخەکە دەربڕیبوو.

جگەلەوە، قەتەر و ئێران سنورێکی دەریایی ٢٥٠ کیلۆمەتری لەنێوانیاندایە و شەریکی گەورەترین سەرچاوەی گازی سروشتین لەکەنداوی فارسدا، بەو هۆیەشەوە قەتەر بەجۆرێك لەجۆرەکان هەوڵیداوە لەئێران نزیکبێتەوە. سەرەتا قەتەر پێیباشبوو لەڕێگەی سعودیە، ئەردەن، سوریا، تورکیاوە گازی سروشتی خۆی بگەیەنێتە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەری سیاسەتی ئێران و هەوڵەکانی قەتەر بۆ دەرچوونی لەژێر هەژمونی سعودییە و نیشاندانی جۆرێك لە سەربەخۆیی سیاسی، بەڵام دواتر، بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (dw) ی ئەڵمانی، ئێران بەنیازە گازی سروشتی کێڵگەی (ساوزپارسی) هاوبەشی نێوانیان لەڕێگای ئێران-عێراق-سوریا- و لەوێشەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست بگەیەنێتە هەمان بازاڕی وڵاتانی کەنداو.

بەمجۆرە دەرکەوت سیاسەتی دەرەوەی قەتەر مەیلی نزیکبوونەوەی لە هێڵی جەمسەربەندی رووسیا-ئێران-تورکیا هەیە، دواین گرێبەستیش لەم نێوانەدا لەگەڵ روسنەفتی روسی ئەو راستیەی هێندەی تر ئاشکراکرد.

لەژێر کاریگەری ئەم پەیوەندییانەشدا، بەپێی راپۆرتێکی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی، سعودییە و وڵاتانی کەنداو پێیانوایە قەتەر لەهەر یەك لەوڵاتانی سوریا، عێراق، میسر و وڵاتانی عەرەبی پشتگیری ئەو لایەن و گروپانە دەکات کە لە ئێرانەوە نزیکن. لەمیسر پشتگیری (ئیخوان موسلیمین) دەکات کە بەشێك لەوڵاتانی کەنداو بە رێکخراوێکی تیرۆرستی ناویدەبەن. لەکەرتی غەزە پشتگیری حەماس دەکات کە هێزێکە بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە. لە هەریەك لەوڵاتانی لیبیا و سوریا، قەتەر پشتیوانی ئەو گوروپ و تەیارانە دەکات کە لەبەرەی دژە سعودی و ئیماراتین و زیاتر لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی سیاسی و دارایی دەکرێن، لەوانە (بەرەی نوسرە) کە سعودییە پێیوایە قەتەر بەردەوام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پشتگیری دەکات. لەعێراقیش بەهەمان شێوە پشتیوانی ئەو سەرکردە شیعانە دەکات کە لەئێرانەوە نزیکن. بەهەمان شێوە لەیەمەن، قەتەر بەوە تۆمەتباردەکرێت کە ناڕاستەوخۆ لەسەر هێڵی دژایەتیگردنی حوسییە یاخییەکاندایە کە ئێران پشتگیرییان دەکات .

### ٤. پرسی تیرۆر

تۆمەتە دیارو ئاشکراکەی سعودییە و وڵاتانی کەنداو بۆ قەتەر، پشتگیریکردنی ئەو وڵاتەیە لەتیرۆرستان، هەرچەندە قەتەر هاوپەیمانێکی گەورەی ئەمەریکایە لەناوچەکە و گەورەترین بنکەی سەربازی لەقەتەرە، بەڵام خودی سەرۆکی ئەمەریکا پشتگیری بۆچونەکەی وڵاتانی کەنداوی کرد و ئەو وڵاتەی بە پشتیوانی تیرۆریستان لەقەڵەمدا. پشتگیریکردنەکانی قەتەریش، وەك نەیارەکانی باسیدەکەن، بەچەند ڕێگایەکە، لەوانە:

أ- ناڕاستەوخۆ لەڕێگای ئێرانەوە: ماڵپەڕی (بلومبێرگ) ئاشکرایکردووە ئێران و قەتەر پرۆژەی بازرگانی هاوبەشیان هەیەو دیارترینیشیان هاوبەشیکردنیانە

لە کێڵگەی گازی باکوری قەتەر یان ئەوەی ئێران پێیدەڵێت (ساوز پارس) لەکەنداوی فارس، وڵاتانی کەنداویش دەڵێن لەو ڕێگایەوە قەتەر پشتگیرییە داراییەکانی دەگەیەنێتە گروپ و بەرەی ئیسلامییە توندڕەوەکانی ناوچەکە کە سعودییە بە مەترسییەکەی گەورە بۆ گەورەبونی هەژمونی دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەدا سەیری دەکات.

ب- لەڕێگای پێدانی بارمتە: یەکێك لەبەرپرسە باڵاکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە وەك ناوبژیوان بەشداری ئازادکردنی بارمتەکانی لەدەستی قاعیدە لە سوریا کردووە بە (فاینانشل تایمز)ی ڕاگەیاندووە "گەر دەتەوێت لەوە تێبگەیت قەتەر چۆن هاوکاری تیرۆرستان دەکات، تەنها سەیری مامەڵەکانی ئازادکردنی بارمتە بکە کە لەڕێگەیانەوە ملیۆنان دۆلار دەگەیەنێت بە گروپە رادیکاڵەکان".

چەندین جار قەتەر بڕی پارەی خەیاڵی لەبەرامبەر ئازادکردنی گیراوەکانی داوە بە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش یان نێوانگیری نێوان داعش و وڵاتانی دیکەی کردووە بۆ ئازادکردنی زیندانیان، سعودیە و وڵاتانی کەنداویش پێیانوایە قەتەر لەو ڕێگایەوە هاوکارییەکانی دەگەیەنێتە داعش. (فاینانشل تایمز) ڕاپۆرتێکی لەوبارەیەوە بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە لەمانگی دیسەمبەری ٢٠١٥ حکومەتی قەتەر نزیکەی (یەك ملیار دۆلار) ی داوەتە میلیشیا شیعەکان لەبەرامبەر ئازادکردنی ٢٦ ئەندامی خێزانی شاهانەی وڵاتەکەی لەباشوری عێراق و ٥٠ چەکدار لەلایەن گروپە جیهادییەکانی سوریاوە. وەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، قەتەر ئەو پارەیەی داوەتە دوو مەترسیدارترین گروپی تیرۆرستی کە لەلیستی ڕەشدان، ئەوانیش بەرپرسانی ئێرانی و گروپە شەڕکەرەکانی سوریای سەر بەقاعیدەن .

دوو دیپلۆماتکاریش ئەوەیان ئاشکراکردووە کە مەبەستی ڕفاندنی قەتەرییەکان کە گوایا بەمەبەستی ڕاوکردن هاتونبونە عێراق بۆ گەیاندنی ئەو پارەیە بووە بە گروپە پشتیوانەکانی ئێران .

لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو یەك ملیۆن دۆلارەش، فاینانشل تایمز لەزاری بەرپرسانی باڵای حکومەتەوە ئاشکرایکردووە بڕی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار دراوە بە بەرپرسیانی ئێرانی و ئەو گروپە میلیشیایانەی کە پشتگیرییان دەکەن، هاوکات بڕی

٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ملیۆن دۆلاریشی ڕۆشتووە بۆ گروپە ئیسلامییەکان لەسوریا کە دیارترینیان گروپی (تەحریر ئەلشام)ە کە پێشتر لقێکی سەربە قاعیدە بووە.

ئەوەی پرسیاری زیاتری خستە سەر پەیوەندی قەتەر بە گروپە تیرۆرستتەکانەوە، لێدوانێکی (حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو کە لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا ڕایگەیاند دەستیان بەسەر ملیۆنان دۆلاری قەتەردا گرتووە کە بەشێوەیەکی نایاسایی لەفڕۆکەی هاتوی ئەو وڵاتەدا گیراوە.

خودی قەتەر بەردەوام تۆمەتی پاڵپشتیکردن لە تیرۆرستان ڕەتدەکاتەوەو بە کامپێنی درۆکردن دژی گەشەکردنەکانی وڵاتەکەی ناوی دەبات، بەڵام شیکەرەوە سیاسیەکانیش ئەم سەرکێشییانەی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر لە دەستخستنە ناو پرسە هەستیارەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆرو دەربڕینی هاوسۆزی بۆ گروپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان هەر لە یاخیبووەکانی (دارفۆری سودانەوە بۆ تاڵیبان لە ئەفغانستان تا دەگاتە حەماسی فەلەستینی ...) بەبەشێکی سەرەکی لە دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کەنداو دەزانن .

## ٥. ململانێی هەژموونی دەسەڵات لەناوچەکەدا

شارەزایانی سیاسی کەنداو پێیانوایە سیاسەتی دەرەوەی قەتەر بەجۆرێك چالاك و سەرکێشیکارە کە بەبەراورد بە بچوکی وڵاتەکەو کەمی ژمارەی دانیشتوانی جێگای تێڕامانی سیاسەتمەدارانی جیهانە و سعودییەش جموجوڵەکانی قەتەر بەمەترسی بۆ هەژمونی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکە دەزانێت، چونکە کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتە چ لەروی سیاسی و چ لەروی ئابورییەوە لەزیادبووندایە و سەرنجی زۆربەی وڵاتانی پیشەسازی جیهانی هەر لە ئاسیای ناوینەوە تا ئەوروپای خۆرئاواو ئەمەریکای لاتین و ئوستورالیا ڕاکێشاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، قەتەر بەهاوکاریکردنی چەند ڕێکخراوێکی ئیسلامی لەناوچەکە وەك ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی کە لەئەمەریکا لە لیستی تیرۆردایە، لەگەڵ پەرەپێدانی بەردەوامی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەند وڵات و ڕێکخراوێکی سیاسی و

ئاینی نزیك لەئێران و هێڵی دەسەڵاتداری شیعە لەناوچەکە، هەژمون و دەسەڵاتی سەرکردایەتیکردنی سعودییەی  لە کەنداو و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستۆتە مەترسییەوە.

چاودێرانی سیاسی قەتەر چەند نمونەیەك بۆ شەڕی هەژمونی دەسەڵات لەنێوان سعودییە و قەتەر لەناوچەکە و هەوڵەکانی قەتەر بۆ دەرچون لەژێر هەژمونی سعودییە دەخەنەڕوو، لەوانە:

- ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە و بەبێ گەڕانەوە بۆ سیاسەتی گشتی وڵاتانی کەنداو، ئەمە لەکاتێکدا قەتەر ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوە و ڕێکەوتنی سیاسی و ئابوری لەنێوان شەش ئەندامی ئەم ئەنجومەنەدا هەیە کە هەریەك لەوڵاتانی سعودیە، بەحرەین، قەتەر، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کوەیت و عومانە و لەژێر هەژمونی سیاسی و ئابوری سعودیەداییە.
- هاوکاریکردنی چەند بەرەو ڕێکخراوێکی ئیسلامی نزیك لەئێران و وڵاتانی نەیاری سعودییە کە مەترسی زیادبونی کاریگەری ئێران لەناوچەکە زیاتردەکەن.
- دۆزینەوەی ڕێگای هەناردەکردن و بازاڕی فرۆشتنی گازی سروشتی و بەرهەمی نەوت لەدەرەوەی ڕێکخراوی ئۆپێك.
- هاوبەشیکردنی ئێران لەگەورەترین کێڵگەی گازی سروشتی و هاوکاریکردنی ئەو وڵاتە لەگەشەپێدانی بەشە ئێرانیەکەی لەسەروبەندی فشارەکانی رۆژئاوا و وڵاتانی ناوچەکە بۆ ڕاگرتنی وێستگە ئەتۆمییەکەی.
- دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ جەمسەرە جیاوازە جیهانییەکان، بۆ نمونەی روسیا و ئەمەریکا کە تائێستا سعودییە نەیتوانیوە ئەوە بکات، هەرچەندە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هۆشداری داوەتەوە قەتەر لەهاوکاریکردنی گروپە تیرۆرستییەکان، بەڵام بەوپێیەی ئەمەریکا گەورەترین بنکەی سەربازی ناوچەکەی لەقەتەردا جێگیرکردوە، شیکەرەوە سیاسییەکان پێیانوایە ئەمەریکا بەئاسانی دەستبەرداری پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر

نابێت، لەبەرامبەریشدا روسیا قەتەری لەگەورەترین کۆمپانیای نەوتی خۆی شەریککردووەو هاوکات پەیوەندییەکی زۆرباشی و دیپلۆماسییان لەنێواندا هەیە.

- کڕینی چەك و بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیاو چەند وڵاتێکی کاریگەری دیکەی ناوچەکە. لەسەروبەندی راگرتنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ قەتەر، پەرلەمانی تورکیا کە ئێستا لەبەرەی نەیارانی سعودییە هەژماردەکرێت لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی پێشوەختە بڕیاری کردنەوەی بنکەیەکی سەربازی لەقەتەر دەرکردو ژمارەیەك سەربازیشی هەناردەی ئەو وڵاتە کرد.

## داواکاری وڵاتانی کەنداو

رۆژی ٢٣ ی حوزەیرانی ٢٠١٧، وڵاتانی کەنداو لیستێك داواکارییان لەرێگەی وڵاتی کوەیتەوە گەیاندە وڵاتی قەتەر و چارەسەرکردنی کێشەکەو هەڵگرتنی سزاکانی سەر قەتەریان بەستەوە بەجێبەجێکردنی ئەو داواکاریيانەوە لەماوەی تەنها ١٠ رۆژدا، داواکارییەکانیش کە لەلایەن هەریەك لە سعودییە، بەحرەین، میسر، ئیمارات ئاراستەکرابوون، خاڵەکانیشی بریتی بوون لە:

- داخستنی کەناڵی جەزیرە، بەو پێیەی کەناڵی جەزیرە بە وتەی وڵاتانی کەنداو) دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتەکانیان دەدات و رۆڵێکی سلبی لەبەهاری عەرەبیدا بینیوەو پشتگیری سیاسەتی گروپ و رێکخراوە تیرۆرستییەکان دەکات.
- داخستنی بنکەی سەربازی تورکیا لەقەتەر چونکە بەڕای وڵاتانی کەنداو نیازی خێر لە کردنەوەی ئەو بنکە سەربازییەدا نیەو کێشەی زیاتر لەناوچەکەدا دەهێنێتە بون، چونکە بەمدواییانە سیاسەتی تورکیا و ئێران و روسیا لەسەر یەك هێڵی بەرژەوەندی خویندنەوەی بۆ دەکرا.
- کەمکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکان لەگەڵ ئێرانداو کەمکردنەوەی پەیوەندییەکان تەنها بۆ بازرگانیکردن، دەرکردنی ئەندامانی

گاردی شۆڕشی ئێرانی، مەبەستیش لەم مەرجە کەمکردنەوەی هەژمونی ئێرانە لەناوچەکەدا.

- دەستهەڵگرتن لەپاڵپشتیکردنی رێکخراوە تیرۆرستییەکانی وەك داعش و قاعیدەو رێکخراوی حزبولآی لوبنانی ... هتد، ئەم داواکارییەش هەر زوو لەلایەن قەتەرەوە رەتکرایەوە و بە تۆمەت و دروستکراو لەقەڵەمدرا.
- راگرتنی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ رێکخراوی ئیخوان موسلیمین کە لەلایەن ولآتانی دیکەی کەنداوەوە راگیراوە.
- راگرتنی مافی پەنابەرێتی و رەگەزنامەی قەتەری بەهاولآتیانی ئەو چوار ولآتە، ئەم خاڵە وەك هەوڵێك بۆ رێگریکردن لەدەست تێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ولآتەکاناین لەقەڵەم دراوە.
- رادەستکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە بەتۆمەتی تیرۆر لەلایەن ئەو ولآتانەوە داواکراون.
- راگرتنی هەر جۆرە هاوکارییەکی دارایی بۆ ئەو رێکخراو گروپانەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە وەك تیرۆرست ناسێنراون.
- پێدانی زانیاری تەواو لەبارەی ئەو کاراکتەرە ئۆپۆزسیۆنانەی کە لەلایەن قەتەرەوە هاوکاری دەکرێن، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی سعودییە.
- خۆ گونجاندن و پابەندبوون بە پرنسیپ و راسپاردە سیاسی و ئابورییەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ( GCC).
- راگرتنی هەمو جۆرە هاوکارییەکی راگەیاندنەکانی دیکەی وەك عەرەبیە ٢١ و میدڵ ئیست ئای.
- پێدانی برێك پارە بە ولآتانی ناوبراو وەك قەرەبوو.

کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی داواکاری ولآتانی کەنداو تێپەڕی و بەپێی زانیارییەکانی رۆیتەرز داواکارییەکان بە نەرێنی لەلایەن قەتەرەوە وەلآمدراونەتەوە و لەنامەیەکدا بەناوی میری قەتەرەوە رادەستی میری کوەیت کراوە بۆ گەیاندنی بە ولآتانی کەنداو.

(شێخ محەمەد بن عەبدولرەحمان) وەزیری دەرەوەی قەتەر داواکارییەکانی وڵاتانی کەنداوی بە یاسا شکێنی وەسفکردوە، لای خۆشیانەوە، بەپێی زانیارییەکانی بی بی سی، ژمارەیەك یاساناسی قەتەری داواکارییەکانی وڵاتانی کەنداویان شەرمەزار کردو داوایان لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەتوندی ئیدانەی بکەن.

حکومەتی قەتەریش رایگەیاندووە زۆربەی داواکاری وڵاتانی کەنداو دژ بەبنەماکانی مافی مرۆڤە و پێویستە جیهان بێدەنگ نەبێت لەئاستیان.

## پرۆژەکەی وڵاتانی کەنداو ئایندەی هێز لە ناوچەکەدا

ئەگەر بێت و ئەو پرۆژەیەی وڵاتانی کەنداو سەر بگرێت، ئەوا گۆڕانکارییەکی گەورە لە پێکهاتەی هێزی ئەو وڵاتانەدا دروست دەبێت، هەروەها هەنگاوێکی کردەیی و ستراتیژی دەبێت بۆ بەتەنگەوەهاتنی هەموو ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی سیاسی و ئەمنیی وڵاتانی کەنداو، جگە لە وەی کە ئەو هەنگاوە دەبێتە دەسپێکی دروستبونی باڵانسی هێز لە نێوان ئەو وڵاتانە و ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە، کە بە هۆی ڕووخانی "ڕژێمی بەعس" لە بەرژەوەندیی هێزی ئێراندا تەواو ببوو. کاتێکیش کە باڵانسی هێز بەرامبەر بە هێزی ئێران دروست ببێت، ئەوا وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەتوانن ئامانجی دووەمیشیان بپێکن، کە بریتییە لە سنووردارکردنی نفووزی ئێران لە ناوچەکە و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەو وڵاتە. بێ گومان هاوپەیمانێتیی "ناتۆی عەرەبی" یەکەم هەنگاویان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دووەم، "سنووردارکردنی نفووزی ئێران" لە یەمەن و سووریا دەبێت، ئەوجا لە لوبنان و فەلەستین؛ چونکە سەرکەوتنی ئەوان لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیان، مانای وایە کە ئیتر ئێران کێشەی جیۆپۆلیتیکیی بۆ دروست دەبێت؛ دەستی ناگاتە لبنان و، لەو ڕووەوە پاڵشتییەکانی بۆ هەر یەك لە "حزبوڵڵا" و "بزووتنەوەی حەماس" نامێنێت.

لە ڕووی سەربازییەوە، هاوپەیمانێتیی "ناتۆی عەرەبی" دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی مەزن لە دابینکردنی هێزی سەربازی و چەکی جۆری؛ بە شێوەیەك کە ئیتر ئەو وڵاتانە دەتوانن بۆ بەرپەچدانەوەی هەر هەڕەشەیەك پشت بە هێزی خۆیان ببەستن و کەمتر پەنا بۆ هێزی دەرەکی بەرن. بە دیویکی دیکە، ئەو وڵاتانە لە

پاشکۆیەتیی سەربازیی دەرەکی ڕزگاریان دەبێت. بۆ نموونە، کاتێك کە "ڕژێمی بەعس" لە ساڵی ١٩٩٠ هێرشی کردە سەر وڵاتی "کوێت"، وڵاتانی ناوچەکە وەك قەتەر، سعوودیا و ئیمارات، ناچار بوون پەنا بۆ هێزی دەرەکی ببەن بۆ ئەوەی لە بەرامبەر عێراق بجەنگن تا دەستبەرداری کوێت بێت.

هاوپەیمانێتیی "ناتۆی عەرەبی" لە دوای ئەوە دێت کە لەو ناوچەیە تا ئێستا دوو هاوپەیمانێتی بە سەرۆکایەتیی سعوودیا بۆ دوو مەبەستی جیاواز تاقی کراونەتەوە، ئەوانیش: هاوپەیمانێتیی عەرەبی لە دژی "حوسییەکانی یەمەن" و، هەروەها هاوپەیمانێتیی ئیسلامی لە دژی "ئێران"، کە دەکرێت بڵێین ئەو هاوپەیمانانە نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بپێکن. بۆیە، کاتی ئەوە هاتووە کە بە بیرۆکەیەك و ستراتیژییەتێکی ئەمریکی، بیر لە جۆرێکی دیکە لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی بکرێتەوە کە لە ئاست پێویستییە ئەمنی و ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتانە بێت؛ بە شێوەیەك کە پێناسەیەکی دیکە بۆ پێگەی سیاسی و جیۆسیاسیی ئەو ناوچەیە دابڕێژێتەوە کە وڵاتانی ناوبراو ژمارەیەکی قورس بن لە هاوکێشەکانی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتانە، "ناتۆی عەرەبی" دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی و دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتانی ناوبراو، بەتایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکان و کاریگەرییەکانی "بەهاری عەرەبی" لەسەر ئاسایشی ناوخۆی ئەو وڵاتانە و، جێگیرکردنی کورسیی دەسەڵاتی میرنشین و پاشاکانی ئەو دەڤەرە؛ چونکە ئەو هاوپەیمانێتییە دەتوانێت وەك "قەڵایەکی پۆلایین بێت" بۆ بەرگریکردن لە سیستەمی حوکمڕانی و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتانی ناوبراو.

## لێکەوتە ئابورییەکانی قەیرانی قەتەر

هەر چەندە قەتەر بانگەشەی ئەوە دەکات سزاکانی وڵاتانی کەنداو" کاریگەریی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان نابێت"، بەڵام یەکێك لە لێکەوتە هەرە دیارەکانی پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان زیانە ئابورییەکەیەتی کە بەهۆیانەوە کەرتە خزمەتگوزارییەکان و بازرگانی و کار و هێڵی گواستنەوەی ئاسمانی و زەمینی ئەو وڵاتە روبەڕوی ئاستەنگی زۆر دەکاتەوە.

وڵاتانی سزادەر هەموو دەروازە دەریایی و ئاسمانییەکانی چوون و هاتنیان بەسەر دەوحەدا داخستووە، هیچ هۆکارێکی گواستنەوەی قەتەریی، نە دێن و نە دەڕۆن، ئەوەش بۆ قەتەر شادەمارێکی ئابوریی بنەڕەتییە، تەنانەت گەشتە درێژەکان بە تایبەتی بۆ  کیشوەری ئەفریقاش کە بە ترانزێت بە دەوحەدا تێدەپەڕێن کەمتر دەبنەوە.

هاوکات، بەوپێیەی قەتەر سنوری وشکانی و زەمینی تەنها لەگەڵ سعودیەدا هەیە، بازرگانی زەمینیی بە تەواوی رادەوەستیت.

سعودییە و ئیمارات گرنگترین هاوبەشە بازرگانییەکانی قەتەر بوون، ئەو دوو وڵاتە لە دۆسیی خۆراکدا شوێنەواری خراپ لەسەر دەوحە جێدەهێڵن.

بە گوێرەی تۆمارەکانی ساڵی ٢٠١٥ سعودییە و ئیمارات لە پلەی یەکەم و دووەمدان بۆ هەناردەکردنی کەلوپەلی خۆراك بۆ قەتەر قەبارەی هەناردەکردنەکەش دەگەشتە ٣١٠ ملیۆن دۆلار.

بەڵام لە بواری بازرگانی ئاژەڵدا، سعودییە پلەی یەکەم و ئیمارات لە پلەی پێنجەمدایهو بە کۆی گشتی بەهای ٤١٦ ملیۆن دۆلاریان لەو کەرتەدا بۆ قەتەر ناردووە.

لە بواری بازرگانی سەوزەدا ئیمارات پلەی دووەم و سعوییە پلەی چوارەمی هەیەو ساڵانە قەبارەی ئەو بازرگانیە گەیشتووەتە ١٧٨ ملیۆن  دۆلار.

لە بواری بازرگانی سوتەمەنیشدا بەحرەین لە پلەی یەکەمدایە و ئیماراتیش لە پلەی دووەمدایە و بە کۆی گشتی بە بەهای ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بازرگانییان لەگەڵ قەتەردا هەیە.

بەڵام لە بواری کانزاکاندا ئیمارات سەرچاوەی یەکەمی ناردنییەتی بۆ قەتەر و ساڵانە زیاترە لە نیو ملیار دۆلار قەبارەی بازرگانیەکەیەتی.

لەگەڵ راوەستانی بازرگانی بە رێگەی زەمینی، خەونی میوانداریی مۆندیالی ساڵی ٢٠٢٢ روبەڕوی بەربەستی گەورە دەبێتەوە، چونکە قەتەر پشتی بە سنووری زەمینی سعودییە دەبەست بۆ هێنانی هەموو ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی درووستکردنی پرۆژە زەبەلاحەکان پێویستیان پێی هەیە.

زیانەکانی لێسەندنەوەی مافی میوانداری مۆندیالی ٢٠٢٢، ئەگەر رووبدات، بە ٣٠٠ ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت، بەم شێوەی لای خوارەوە:

١٣٧.٩ ملیار گوژمەی دروستکردنی یاریگەی تازەیە.

٣٩.٩ ملیار گوژمەی برەودان بە ژێرخانی گواستنەوەو گەیاندنە.

٣٨.٦ ملیار گوژمەی فێنکردنەوەی یاریگەکانە.

٦١.٨ ملیار گوژمەی دروستکردنی یاریگەی راهێنان و هوتێل بۆ مانەوەی یاریزانان و جەماوەرە.

٣٦.١ ملیار گوژمەی دروستکردنی شاری لوسیلە.

١٧.٥ ملیۆن دۆلار بەرتیلدان بۆ بەدەستهێنانی مافی رێکخستنی مۆندیالە.

نیکۆلا ریتەر، خانمە راوێژکاری یاسایی و دارایی لە لوتکەی وەبەرهێنەران لە میونشن، دوای ئەوەی بردنەوەی قەتەر بۆ رێکخستنی مۆندیال راگەیاندرا، ئاشکرایکرد رێکخستنی مۆندیال نزیکەی ٣٠٠ ملیار دۆلار لەسەر حکومەتی دەوحە دەوەستێت.

بەوپێیەش بردنەوەکەی قەتەر بەکەیسێکی گەندەڵی پێناسەکراو سەرۆکی فیفای بەخۆیەوە کردە قوربانی لەدەستدانی پۆستەکەی، پێدەچێت بەردەوامبوونی سزاکانی سەر قەتەر ئەگەری روودانی ئەم زیانە ئابوورییە زیاتربێت.

## سیناریۆکانی پرسی قەیرانی قەتەر

بەشێوەیەکی گشتی سێ سیناریۆ چاوەڕێی پرسی قەیرانی قەتەر دەکات:

**یەکەم: قەتەر بەپشتبەستن بەدۆستەکانی بەردەوامی بەسیاسەتی خۆی دەدات**

تەنها ١٠ وڵات پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتی قەتەر داخستووە، لەبەرامبەردا تورکیا ئامادەی ناردنی خواردن و پێداویستی تەندروستییە، ئێران تا ئێستاش پشتگیری دەکات و فلیپپینیش مەرجەکانی خۆی بۆ هاتنی کرێکارانی وڵاتەکەی بۆ قەتەر سوکتر کردووە.

جگە لەوە ئاماژەکان پێماندەڵێن هندستانیش ئامادەی هاوکاریکردنی قەتەرە بەو جۆرەی کە بتوانێت خۆراك و پێداویستییەکانی دەستگیرببێت.

لەهەمووی گرنگتر، بەپێی گۆڤاری (فۆربس) جۆرجیۆ کافیرۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ناوەندی راوێژکاری دەوڵەتی قەتەر لەواشنتۆن دەڵێت سنوری ئاسمانی و دەریایی نێوان قەتەرو ئێران رێگەیەکە لێیەوە قەتەر دەتوانێت خواردن و پێداویستییەکانی خۆی هاوردەبکات.

هەرچەندە تێچوی هاوردەکردنەکەی زیاترە، بەڵام کافیرۆ پێیوایە قەتەر توانای دابینکردنی ئەو تێچووەی هەیە و دەتوانێت لەو رێگەیەوە کاریگەری فشاری وڵاتانی کەنداو لەسەرخۆی کەمبکاتەوە و زیاتر بەرگەیان بگرێت.

## دووەم: گەشتن بەرێکەوتن

تیك تانکی گەورەی رووسی (ڤیتالی نومکین) لەئەکادیمیای رووسی بەشی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێیوایە یەکێك لەسیناریۆکان گەشتنە بەرێککەوتن، لەبەرئەوەی هیچ کام لەلایەنەکانی قەیرانی قەتەر بەرژەوەندییان لەگەورەکردنی کێشەکاندا نیە و خاوەنی سەرچاوەو بازاری گرنگی نەوتین و قەتەر جگە لە نەوت و گازی سروشتی، هیلیۆمیشی هەیەو خاوەنی چوارەمین گەورەبیری هیلیۆمە لەجیهاندا.

کوەیت و عومان کە دوو ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداون لەپرسی قەیرانی قەتەردا بێلایەنن و بەدوای چارەسەری کێشەکاندا دەگەڕێن. هاوکات ئەمەریکا کە کاریگەری زۆری لەسەر بڕیارەکانی سعودییە و وڵاتانی دیکەی کەنداوەوە هەیەو هەرئەویش گڵۆپی سەوزی بۆ ئەم ئابڵوقەدانە دەرکردوە، ئێستا لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیەوە داوای ئاسایکردنەوەی دۆخەکە و گەشتن بەرێککەوتنێك دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو کە ٦ وڵات تێیدا ئەندامن بەپێویست دەزانێت.

مامۆستایەکی زانکۆی موردۆچ لەئوستورالیاش پێیوایە هەریەك لەبەریتانیاو ئەمەریکا بنکەی ئاسمانی (ئەلئەبیدە) یان لەقەتەردا هەیەو لێیەوە فڕۆکە سەربازییەکانی هەردوو وڵات هێرشدەکەنە سەر داعش و بوونی چەندین پڕۆژی بازرگانی و بەرژەوەندی دوو لایەنە وادەکات ئەو دوو وڵاتە بەدوای چارەسەری قەیرانی قەتەر و گەشتن بەرێککەوتنێکدا بگەڕێن.

لەبەرئەوە، تیك تانکەکەی رووسیاش پێیوایە، ئەگەری گەشتن بەرێککەوتن هەیە لەژێر فشاری وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە و جیهان و قەتەر ناچاردەکەن هەندێك نەرمی بنوێنێت، بەڵام ناتوانن ناچاری بکەن بۆ دوو خاڵی سەرەکی کە ئەوانیش دەستبەرداربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و بەردەوامیدانی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ رێکخراوی ئیخوان موسلیمین.

**سێیەم: بەرپابوونی شەڕ**

پێدەچێت قەتەر بەردەوامبێت لەهاوکاریکردنی ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی کە لە لیستی زۆربەی وڵاتانی دونیادا لەلیستی تیرۆردایە، هاوکات هەمان شتیش بۆ ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین بکات کە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئیسلامی سوننەیەو رکابەری سەرسەختی سەلەفیەتە کە سعودیە پشتگیری دەکات، ئەمەش ئەگەری روودانی سیناریۆی سێیەم نزیکتردەکاتەوە کە بەرپابوونی جەنگێکە لەناوچەکەدا، چونکە سعودییە و وڵاتانی دیکەی کەنداو زۆر تورەدەکات و فشارە ئابوری و سیاسییەکانی خۆشیان زیاتردەکەن، بەڵام ڤیتالی نومکین پێیوایە ئەگەری روودانی ئەم سیناریۆیە زۆر کەمە و ئەگەریش رووبدات ماوەیەکی زۆرکەم دەخایەنێت.

## کاردانەوەو رۆڵی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی

### ١. ئەمەریکا

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لەرێگەی تویتەرەوە قەتەری بەپشتیوانی تیرۆرستان تاوانبار کردو و کاردانەوەی وڵاتانی کەنداویشی بەکۆتاپهێنان بە ترسی تۆقێنەری تیرۆرستان ناوزەندکرد. دواتریش، بەپێچەوانەی بۆچونەکەی سەرۆك، پنتاگۆن لە راگەیەنراوێکیدا بێلایەنی خۆیان لە قەیرانەکە راگەیاند.

هەڵوێستی توندی ترەمپ بۆ ئەوە وێنادەکرێت کە ئیدارەکەی گەورەترین گرێبەستی کڕینی سەربازی لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ سعودییە واژۆکردووە و ترەمپ موجامەلەی ئەو وڵاتەدەکات، هاوکات هەڵوێستی پنتاگۆنیش حسابکردنە بۆ ئەوەی کە گەورەترین بکەی سەربازی و ئاسمانی ئەمەریکا بۆ روبەروبونەوەی تیرۆرستان لەناو خاکی قەتەردایە و پاراستنی چەندین بەرژەوەندی دیکەش گرێدراوی ئەو هەڵوێستەیە. ئەوەش ناشاردرێتەوە کە ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ سعودییە هەیە و بەشێك لە شارەزایانی سیاسیش سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا کە تەنها ١٥ رۆژ بەر لە قەیرانەکە ئەنجامیدا بە هەڵکردنی

گڵۆپی سەوزی ئەمەریکا بۆ سعودییە و وڵاتانی کەنداو لەقەڵەم دەدەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سعودییە زیاتر نەیاری ئێرانەو نزیکترە لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، هەرئەوەش وایکردووە کە ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی کەنداو بەهەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمەریکای بزانن، بەتایبەتی پاش سەردانەکەی ترەمپ بۆ کەنداو.

### ٢. بەریتانیا

داوای لەقەتەر کرد هەوڵی زیاتر بدات  هاوکاری رێکخراوە تیرۆرستیەکان راگرێت و داوای هەڵگرتنی گەمارۆ دیپلۆماسییەکەی سەر ئەو وڵاتەشی کرد، هانی کوەیتیشیدا کە هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان.

هەڵوێستی بەریتانیا دوولایەنەیە، ئەم وڵاتە دەیەوێت لەلایەك بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆی لەگەڵ قەتەر بپارێزێت کەپێشتر باسکراوە، و لەلایەکی تریش وەك پلان و ستراتیژ نایەوێت پشتگیری هیچ هەنگاوێك بکات کەیارمەتیدەری تیرۆربێت، بۆ ئەمەش داوا لەقەتەر دەکات هاوکاری تیرۆرستان نەکات، بەڵام ناوبژیوانی کوەیتیشی پێباشە، چونکە ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە لەبەرژەوەندی وڵاتەکەیدا نی یە.

### ٣. ئیسرائیل

پشتگیری هەڵوێستی وڵاتانی کەنداوی کردو رایگەیاند پچڕانی پەیوەندییەکان لەگەڵ قەتەر دەرفەتێکی باشی بۆ هاوکاریکردنی وڵاتان لەدژی تیرۆرستان هێناوەتە پێشەوە .

هەڵوێستی ئیسرائیل ئاشکرایە کە هۆکارەکەی ترسی ئەو وڵاتەیە لەزیادبونی هەژمونی ئێران لەناوچەکەو تەشەنەکردنی گروپە رادیکاڵییەکان، بەتایبەتی بزوتنەوەی حەماس کەنەیاری سەرسەختی ئیسرائیلەو لەلایەن قەتەرەوە پشتگیری دەکرێت.

### ٤. ئەڵمانیا

پشتگیری قەتەری کردو رەخنەی توندی لەهەڵوێستەکەی سعودیەو وڵاتانی قەتەر گرت.

ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیاش زادەی دروستبونی ئەو پەیوەندییە سیاسی و بازرگانیە توندوتۆڵەیە کە لەنێوان وڵاتەکەی و قەتەردا دروستبووە، ئەڵمانیا وەك وڵاتێکی پیشەسازی کاریگەر چاوی لەسەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوت و گازی سروشتی ئەو وڵاتەیە.

بەبارەی پرسی تاوانبارکردنی قەتەر بەپشتگیریکردنی تیرۆر، حکومەتی ئەڵمانیا سەرەتا دژایەتی ئەو تۆمەتەی کرد و رایگەیاند "قەتەر بەهیچ جۆرێك پشتگیری تیرۆر ناکات" بەڵام دواتر وەزیری گەشەپێدانی ئەڵمانیا بۆچونی وڵاتەکەی گۆڕی و رایگەیاند ئەڵمانیا وردنەبووە لەوپرسەداو ئەگەر شتێك هەبێت بەناوی پەیوەندی قەتەر و تیرۆر ئەوە ئەڵمانیا داوای لێبوردن دەکات.

### ٥. هندستان

رایگەیاند ئەو قەیرانە پرسێکی ناوخۆیی وڵاتانی کەنداوەو پەیوەندیدارە بە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

مەودای بەرژەوەندییەکانی هیندستان لەنێوان قەتەرو وڵاتانی کەنداو تاڕادەیەك چونیەکە، بۆیە هەڵوێستی وڵاتەکەشی زیاتر بێلایەنیە، هەرچەندە دواتر هیندستان بەڵێنی هاوکاری زیاتری بەقەتەردا وەك هەنگاوێك بۆ نزیکبوونەوە و سودوەرگرتن لەسەرچاوەی دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی لەحاڵەتی دوورکەوتنەوەی هەندێك وڵاتی دیکە و دروستبونی بۆشایی سیاسی و دیپلۆماسی.

### ٦. ئێران

ئیدانەی هەڵوێستی وڵاتانی کەنداوی کرد و دواتریش خۆی لەهەر دەستێوەردان و نزیکبوونەوەیەك لەکێشەکە بەدورگرت، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیشدا سەرۆکی ئێران، وێڕای رەتکردنەوەی تۆمەتی دروستکردنی ئاڵۆزی بۆ ناوچەکە، بە ئەمیری قەتەری راگەیاندووە کە وڵاتەکەی پشتگیری چارەسەرکردنی گرژی و ئاڵۆزییەکان دەکات و دەشیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی کەنداو باشتربکات .

بەڵام لەوێنەگشتییەکەدا ئێران بەرگری تەواو لەسیاسەتەکانی قەتەر دەکات، لەبەرئەوەی نزیکی و پەیوەندی ئێران لەگەڵ قەتەر یەکێکە لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکانی دروستبونی قەیرانی قەتەر، لەلایەك، لەلایەکی تریش بەئاڵۆزتربونی پەیوەندی وڵاتانی کەنداو دەرفەتی زیادبونی هەژموونی ئێران لەناوچەکە زیاتر دەبێت.

### ٧. کوەیت و عەممان

دوو ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداون نێوانگیری وڵاتانی کەنداو قەتەر دەکەن و هەوڵەکانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەستپێکردووە.

ئەوەش بەهۆی ئەوەی تێگەشتوون شەڕی دیپلۆماسی نێوان قەتەر و سعودییە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شەڕی زیادکردنی هەژمون و دەسەڵاتە و نایانەوێت بەوهۆیەوە ئاگری شەڕ لەناوچەکەدا خۆشبکرێت.

### ٨. روسیا

هاککەرە روسییەکان بە ئاشکراکردنی دۆکیومنتی کۆبونەوەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی کەنداو تۆمەتباردەکرێن. وەزیری دەرەوەش داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی کردووەو ئامادەیی هەموو هاوکارییەکی وڵاتەکەی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەربڕیوە.

روسیا بێلایەن نیە، لەپرسی قەیرانی قەتەردا، چونکە بەمدواییانە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان قەتەر و روسیا زۆر گەشەیانکردو چەندین پرۆژەی بازرگانی گەورە لەنێوانیاندا واژۆکرا، لەڕوی سیاسیشەوە روسیا زیاتر لەبەرەی دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو کەمکردنەوەی هەژمونی دەسەڵاتی ئەمەریکایە لەناوچەکە، بەوەش ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە بەرەی ئێران تورکیا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی قوڵبوونەوەی قەیرانەکە بەزیان بۆ بەرژەوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ قەتەر دەزانێت.

### ٩. تورکیا

رایگەیاند کە بەهیچ جۆرێك پشتگیری هەڵوێستی سعودییە و وڵاتانی کەنداو ناکات و دەستبەجێ پەرلەمانی وڵاتەکەشی یاسایەکی بۆ ناردنی هێز بۆ قەتەر پەسەندکرد، هەرچەندە بڕیاری ناردنی هێزی تورکیا بەپێی رێککەوتنێکی پێشوتری نێوان هەردوو وڵات بوو لەساڵی ٢٠١٦ بۆ جێگیرکردنی بنکەیەکی سەربازی تورکیا لەقەتەر، بەڵام ئەم هەڵوێستەی تورکیا رەخنەی زۆری لێگیراو بەخۆشکردنی ئاگرەکە لێکدرایەوە.

تورکیا پشتگیریکەری سەرەکی ئیخوان موسلیمینە کە سعودیە بەتیرۆرستی لەقەڵەمدەدات، قەتەریش ناچارکراوە دەستلە هاوکارییەکانی ئەو رێکخراوە هەڵگرێت، هاوکات رێککەتنە سەربازییەکەی لەگەڵ قەتەر و چەندین رێککەوتنی دیکەی ئابوری و سیاسی، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تورکیا دەخەنە ریزی پشتگیریکارانی قەتەر و هێڵی ئیران رووسیا لەم قەیرانەدا.

### ١٠. عێراق

سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند کە وڵاتەکەی لایەنگیری هیچ لایەك ناکات و درێژە بە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەموو وڵاتانی کەنداو دەدەن .

ئەم بۆچونەی عێراق، خۆدورگرتنە لەکەوتنە گەمەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، چونکە دەزانێت کەبەرگەی دژایەتیکردنی توندی یەکێك لەو دوو جەمسەرە وەك دراوسێ و دوو وڵاتی کاریگەر ناگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی شیعە لەعێراق هەنگاوەکانی ئەو وڵاتە بەرەو پشتگیریکردنی زیاتری قەتەر دەبەن.

## کۆتایی

ئیران بەتەواوەتی خۆی تێکەڵاوی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی قەتەر کردووە و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری سیاسەتی سەربەخۆی ئەو وڵاتە دەکات، ئەمەریکاش لەلایەك بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە بەپێویست دەزانێت و لەلایەکی تریش بەهۆی بونی بنکەی سەربازی و سەرچاوەی زۆری سروشتی کەزۆر گەمەی سیاسی پێ یەکلایی دەکرێتەوە نایەوێت دەستبەرداری پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر ببێت، رووسیاش بەهەمان شێوە بەهۆی گرێدانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆی پشتگیری سیاسەتی سەربەخۆی قەتەردەکات.

بەمجۆرە، قەیرانی قەتەر پرسێکە گرێدراوی چەندین پرسی دیکەی ئابوری و سیاسی ناوچەکە و جیهانە، بەڵام چەقی ململانێکان لەنێوان قەتەر و سعودیەدایە کە هەریەکەیان شەڕی بردنەوەی زۆرترین دەسەڵات و هەژمون لەناوچەکەدا دەکەن. چارەسەری پرسەکەش راستەوخۆ بەستراوە بە ویستی لایەنەکان بۆ خۆدوورگرتن لەململانێ جەمسەرییەکان و گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی واقیعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نوقمی ململانێ و شەڕی بەرژەوەندی و ئاگری تیرۆر بووە.

# سەرچاوەکان


١. وڵاتانی کەنداو و قۆناغەکانی پەرتەوازەبون لە سیناریۆی جیاوازدا، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=6363

٢. قەتەر ٣٠٠ ملیار دۆلار زیانی بەردەکەوێ، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/sports/1306201728

٣. زیانە ئابوورییەکانی قەتەر بەهۆی کەنارگیرکردنی ئاشکرا دەبێت، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.kurdistan24.net/so/news/1d64b5b9-4051-4729-bfeb-a84a86a8a791

٤. ناوچەی کەنداوی عەرەبی لە بەردەم پەرەسەندنە هەنووکەییەکاندا؛ ئاییندەی هێز لەو ناوچەیەدا، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://penus.krd/news477-64.htm

٥. قەتەر، وڵاتێکی بچووک بەڵام دەوڵەمەندی جیهان، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://jamekurdi.com/economy/%D9%82%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%8C-%D9%88%DA%B5%D8%A7%D8%AA%DB%8E%DA%A9%DB%8C-%D8%A8%DA%86%D9%88%D9%88%DA%A9-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D8%A7%D9%85-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%88%DA%B5%D9%87%E2%80%8C%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%DB%8C-%D8%AC%DB%8C%D9%87%D8%A7%D9%86.html

6. Why Iran approaches Qatar crisis with caution, at the site: http://www.dw.com/en/why-iran-approaches-qatar-crisis-with-caution/a-39255825
7. Qatar Investments in Europe reach 65 billion USD: https://www.middleeastmonitor.com/20140130-qatar-investments-in-europe-reach-65-billion-usd/
8. Al Jazeera off the table in any Gulf crisis talks: http://www.aljazeera.com/news/2017/06/al-jazeera-table-gulf-crisis-talks-fm-170613023203310.html
9. Why Tiny Qatar Angers Saudi Arabia and Its Allies: QuickTake Q&A https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-06-05/why-tiny-qatar-angers-%20saudi-arabia-and-its-allies-quicktake
10. Qatar crisis: Can Al Jazeera survive? http://www.bbc.com/news/world-middle-east-40187414
11. Gulf plunged into diplomatic crisis as countries cut ties with Qatar https://www.theguardian.com/world/2017/jun/05/saudi-arabia-and-bahrain-break-diplomatic-ties-with-qatar-over-terrorism
12. Settlement, Soft Coup, Realighnment, Regional war, 4 scenarios for Qatar Crisis https://sputniknews.com/politics/201706121054558854-qatari-crisis-resolution-scenarios/
13. 2017 Qatar diplomatic crisis https://en.wikipedia.org/wiki/2017_Qatar_diplomatic_crisis#Previous_diplomatic_incidents
14. Qatar crisis: What you need to know

http://www.bbc.com/news/world-middle-east-40173757
15. Qatar: What caused the crisis and how is Donald Trump involved? http://www.abc.net.au/news/2017-06-07/what-caused-the-qatar-crisis-and-how-is-donald-trump-involved/8594742
16. Russian hackers to blame for sparking Qatar crisis, FBI inquiry finds https://www.theguardian.com/world/2017/jun/07/russian-hackers-qatar-crisis-fbi-inquiry-saudi-arabia-uae
17. 3 Scenarios For Resolving The Dangerous Shutdown Of Qatar https://www.forbes.com/sites/ralphjennings/2017/06/11/3-scenarios-for-ending-the-dangerous-shutdown-of-qatar/#268b35b04722
18. Qatar-Gulf crisis: All the latest updates http://www.aljazeera.com/news/2017/06/qatar-diplomatic-crisis-latest-updates-170605105550769.html
19. Qatar-Gulf crisis: all the latest updates http://www.aljazeera.com/news/2017/06/qatar-diplomatic-crisis-latest-updates-170605105550769.html
20. Germany and Qatar crisis https://intpolicydigest.org/2017/06/13/germany-and-qatar-crisis/
21. Arab states send Qatar 13 demands to end crisis, officials say https://www.reuters.com/article/gulf-qatar-demands-idUSL8N1JK07H
22. Qatar https://www.infoplease.com/country/qatar
23. Qatar Population http://www.worldometers.info/world-population/qatar-population/
24. Interesting Facts about Qatar http://www.lifeinqatar.com/Pages/en/article/living/interesting-facts-about-qatar.html
25. Five facts about Qatar you might not know http://www.bbc.com/news/world-middle-east-40163636
26. 29 Interesting Facts About Qatar http://thefactfile.org/interesting-facts-qatar/
27. Qatar Economic outlook http://www.focus-economics.com/countries/qatar
28. Qatar’s investments https://chronicle.fanack.com/qatar/economy/
29. Fund rankings http://www.swfinstitute.org/fund-rankings/
30. Al Jazeera,insurgent TV station that devides the Arab world, faces closure. https://www.theguardian.com/media/2017/jul/01/demand-al-jazeera-closure-shows-how-much-enemies-fear-it